# ئاربائیلو..ئوربیلوم..هەولێر*

*وەرگێڕان لە ئەڵمانییەوە*

## پێشەکیی وەرگێڕان



پەیکەرێکی بچووکی برۆنزی کە (شامشی-بێل)ی کاهن پێشکەشی کردووە بۆ ئێشتار بۆ ژیانی پادشا ئاشوردانی سێیەم. لەقەراغی دەریاچەی ورمێدا دۆزراوەتەوە. بەرزی ٣٠ سم. کێش کیلۆگرام ٥٤٢ گرام. هەمووی نزیکی ٢ کگم

ئەم باسە لە نووسینی (ئێکهارت ئونگەر)ە لە فەرهەنگی ئاشۆرۆلوجی

**Reallexikon der Assyriologie**

بەرگی یەکەم (١٩٢٨). باسەکەش وەك هەموو بابەتەکانی تری فەرهەنگەکە مێژوویەکی دوورو درێژ نییە، بەڵکو تەنیا باسێکی کورتە. بەپێویستیشمان زانی:

١-پەراوێز بۆ ڕوونکردنەوەو تێبینییەکانی خۆمان دابنێین.

٢- ئەو وێنەیەی لە سەرچاوەکەدا هەیە زۆر ڕوون نەبوو بۆیە وێنەیەکی باشترم لەسەرچاوەیەکی ترەوە وەرگرت. جگە لەوە وێنەی ترو نەخشەیەکی جوگرافیم بۆ باسەکە زیاد کرد.

٣- بەپێویستم نەزانی سەرچاوەکانی باسەکەی (ئونگەر) بنووسمەوە. لەبەر ئەوە هەموو پەراوێزەکانی خوارەوە هی خۆمن.

نووسەر ناوی (ئاربائیلو)ی بەبەردەوامی بەکارهێناوە (کورتی کردۆتەوە بۆ ئا .A)، ئێمەش هەر ئەو ناوەمان بەکارهێناوەو چەند جارێك، ناوی (هەولێر)مان بەکارهێناوە.

یەکێکیش لەو شتانەی دەمێننەوە باس بکرێن ئەوەیە دانیشتوانی هەولێر سەر بە چ گەلێك یان ڕەگەزێك بوون و لەم بارەیەوە وای بۆ دەچم خەڵکەکەی (خوری) بووبن ئەویش چونکە خورییەکان لەکوردستاندا زۆر بڵاوبوون و نیوەی کوردستانی ئەمڕۆ، بەڵکو لە نیوەیش زیاتر، وڵاتی خورییەکان بوو. تەنانەت شاری ئاشوریش کە پایتەختی ئاشورییەکان بوو لەسەردەمی حوکمی (میتاننی)دا خەڵکانێکی زۆری (خوری)ی تێدا دەژیان.

ڕۆژهەڵاتی هەولێریش دیسان لەخورینشین دەچێت لەکاتێکدا خورییەکان لە سەردەمی (میتاننی)دا بەئاشکرایی لە کەرکووك و دەوروبەریدا دەردەکەون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو لەبەر نزیکی شاری هەولێر لەوڵاتی ئاشورو لەبەر بایەخی شارەکە لای ئاشورییەکان دیارە ئاشورییەکان کارێکی گەورەیان لەسەری هەبووە بەڵام تا پشکنین لە قەڵای هەولێر نەکرێت (کە ئێستا توانای ئەنجامدانی نییە لەبەرئەوەی خانووی لەسەرە) هیچ شتێك لەم بارەیەوە بە ڕوونی ئاشکرا نابێت.

## باسەکەی ئونگەر

١-(ئاربائیلو) کە پایتەختێکی ئاشوریو جاروبار بارەگای پادشا بوو لە هەزاری سێیەمەوە (پێش زایین) ناسراوەو تا ئەمڕۆ ماوەتەوە کە شاری هەولێر (ئەربیل)ە – کە لەسەر هێڵی ٣٦° و ١١′ باکوورو ٤٤° و ١′ ڕۆژهەڵاتە – و کە لەسەر ڕووی گردەکەو لەتەنیشتیدا بینا دروستکراوە[1]. ئاربائیلو کەوتۆتە دەشتە بەپیتەکەی نێوان زێی سەروو و زێی خواروو.

---

* گۆڤاری ڕامان، ژمارە، ٣٠، ٥/١٢/١٩٩٨، ل ١٦١-١٦٣.

[1] خەڵك بەهەڵە وا دەزانن خۆڵی قەڵاکەی هەولێر بەکۆڵ هێنراوە. لەڕاستیدا قەڵای هەولێر وەك هەزاران گردی تر ئەنجامی ئەوەیە کە لەهەر سەردەمێکدا چینێك هەبووەو کە چینەکە ڕووخا چینێکی تری بەسەردا بینا کرا تا وردە وردە بەرزبووەوە. شوێنەوارناسانیش لەڕێگەی پشکنینەوە دەتوانن ئەم چینانە جیابکەنەوە.



ئیشتاری هەولێر

٢-لەسەردەمی نوێی سومەریدا (دەوروبەری ٢٥٠٠پ.ز)[١] ناوی ئاربائیلو بریتی بوو لە ئوربیلوم Ur-bí-lum^ki هەروەها ئوربیلوم[٢] Ur-bí-ì-lum^ki کە لەسەر دوو لەوحی قوڕینی جیا لە کاتی زنجیرەی بنەماڵەی سێیەمی (ئور) نووسراوە. یەك جاریش شێوەی نووسینی ئاربیلوم Ar-bí-lum^ki هەیە. لە سەردەمی ئاشوریشدا فێرببوون بۆ خۆشی شێوەی ئاربا –ئیلو -Arba(=4) ilu بنووسن کە(ئاربا) واتای چوار دەدات و (ئیلو) واتای خوداوەندی هەیە، وەك چۆن ئاربائیلو لەچوار خوداوەندەوە ناوی وەرگرتبێت. گەمەی هاوشێوەیوا هەروەها لەناو شاری (ئارراپخا)دا دەبینرێت[٣]. بەپاڵ ئەمەش شێوەی نووسینی (ئار – با – ئیلو) Ar-ba-ilu یان (ئار – با – ئیل) Ar-ba-il هەیە (کارە برۆنزەکەی ئاشوردان – بڕوانە بڕگەی –٥– لەخوارەوەدا).

٣-مێژووی ئاربائیلو لەکاتی بنەماڵەی سێیەمی (ئور)ەوە دەست پێ دەکات. (٤٦)ەم ساڵی حوکمی شولگی[٤] و ساڵی دووەمی (ئامار – سین) (٢٠٤٦-٢٠٣٨ *پێش زاین حوکمی کردووە/ وەرگێڕ*) هەولێر وێران کرا بەڵام پاشان دەوڵەتی نوێی سۆمەری (*دەوڵەتەکەی بنەماڵەی ئور/ وەرگێڕ*) دەستی بەسەردا گرت چونکە ئاراد – داننار، ئێنسی[٥] ی شاری لاگاش (*کە شارێکی سومەرییە / وەرگێڕ*) لە هەمان کاتدا ئێنسی Ensi ی هەولێر بوو. لەسەردەمێکی نەختێك درەنگتردا، لەشکرکەشییەکی میرێکی لوللوبی (؟)[٦]دژی هەولێر بەرپاکرا ئەویش بەپێی میلەکەی (پاریس).

هەولێر هەمیشە وەك شارێکی سەر بەدەوڵەتی ئاشوری دەردەکەوێت، چونکە قەت تەنانەت یەك جار باسی داگیرکردنی شارەکە نەکراوە. لە (سەدەی نۆیەمی پ.ز) هەولێر خاڵی دەرچوونی لەشکرکەشییە ئاشورییەکانی پێك دەهێنا بەرەو

---

[١] لەم کتێبەماندا مێژووی (٢١٠٠-٢٠٠٠) پێش زاینمان وەرگرتووە.

[٢] بە (یا)ی تەواو لەوانەشە بە ئوربیئیلوم بخوێنرێتەوە.. جگە لەوەش شێوەی ئوربیللوم هەیە. بڕگەی (کی) نیشانکەرەوەی وڵاتە. هەروەها شێوەی ئوربیئێل (ێ ی تەواو) لەو میلەی (پاریس)، واتە میلی قابرادا هاتووە کە نووسەر ناوی بردووە.

[٣] نووسەر ئەمەی لە بابەتی (ئارراپخا)دا – لەهەمان سەرچاوەدا – باسکردووە. نووسەر باسی شێوەی ئارباخا Arba-ha (= چوار – خا) کردووە (ل ١٥٤) بەڵام ناوی ئوربیلوم پەیوەندیی بە (چوار خوداوەندەوە) نییە. هەرچەندە لەوانەیە بڕگەی (ئیل) لەناوەکە واتای (خودا) بدات.

[٤] پادشای بنەماڵەکە(٢٠٩٤-٢٠٤٧پ.ز). نووسەر ساڵی (٤٣)ەمی نووسیوە. لێرەدا ساڵی(٤٦)م داناوە بڕوانە: RLA, 2, S. 142، هەروەها تۆماری ساڵی (٤٥)یش هەیە.

[٥] ئێنسی = فەرمانڕەوا.... (ئونگەر) خوێندنەوەی کۆنی (پاتیسی) بەکاردەهێنێت چونکە سەرچاوەکە کۆنە.

[٦] لەم میلەدا ناوی پادشا نەهێنراوە بۆیە ئەم چەند بۆچوونە هەبوون لەبارەیەوە: زوو (فۆرەر) بەشامشی ئادادی یەکەمی ئاشوریی زانیبوو (١٨١٤-١٧٨٢پ.ز) بڕوانە،

1-A.Goetze, (RA), 46, 1952, p.156.
2-RLA, 1, 1928, S.244

هەروەها (فۆن زۆدن) :

Von Soden, in; Orientalia(Nova Series),22 , 1953, 256.

هەروەها (کوپێ) : J.-R. Kupper, Orientalia, 27, 1958, 442

بەڵام (گوتزە) بەهی دادوشا پادشای ئێشنونناو هاوچەرخی شامشی ئادادی زانیوە: RA, 46, p.157. ڕایەکی نوێتریش دەیگەڕێنێتەوە بۆ (نارام سین)ی برای دادوشاو کە بەر لەو حوکمی کردبوو (نارام سینی ئەکەدی نییە): W.Nagel, in; ZA, 53, 1959, S.135. بۆچوونی بەهێزتر ئێستا ئەوەیە هی شامشی ئاداد بێت.

میلەکە لە (سنجار)یان لە (ماردین) دۆزرابووەوە. بۆ دەقی نووسینەکەی سەریشی بڕوانە ئەم سەرچاوەیە وەك نموونە: G.A.Barton, RISA,1929, p.334.

ڕۆژهەلاَت و لەڕێگەی دەربەندە نزیکەکەی (کیررورى)یەوە. شامشی ئادادی پێنجەم (٨٢٣-٨١١پ.ز/ وەرگێڕ) هەولێر وەك شارێکی یاخی بوو ناودەبات[١].

لە فەرمانڕەواو (ئیپۆنم)ەکان[٢] ئەمانە دەناسین: صیل ئیشتار (سالَی ٧٨٧)، پان – ئاششور – لامور (٧٥٩)، نابو – لیئو (٧٠٢)، پێشتریش ئاغا (**bêl pîhâti**) ی ناوچەیەك بەناوی مێسو **Me-su** و کابرایەکیتر کە ناوی نەبراوە.

ڕەنگە لە سالَی ٦١٥(پ.ز/ وەرگێڕ) بووبێت کە هەولێر لەلایەن میدییەکانەوە بەسەرکردایەتی ئوماکیشتار (کیاکساریس)[٣] داگیرکرابێت و کە دەبێت لێرەدا ساگارتییەکانی[٤] جێنشین کردبێت. لەسەردەمی فارسیشدا هەولێر پێی دەوترا (ئاربیرا) **Arbîra**.

٤-لە هەولێردا ئیشتارو ئاشور دەپەرستران. لەسەرووی هەموو شتێك پەرستنی ئیشتاری هەولێر[٥] لە پەرستگای (ئێگاشانکالاما)[٦] دەکراو کە گرنگترین شوێنی پێشبینی و شوێنی (خوێندنەوەی جگەر)[٧] لەولاَتی ئاشوردا بووو کە ئەوپەڕی ڕێزو ئیعتباری هەبوو لای ئەسەرحەدون و ئاشوربانیپال (سەدەی حەوتەم).



نەخشە هەلَکەندراوەکەی ئاشوربانیپال (سەری تێومان بە درەختی لای چەپ هەلَواسراوە)

سەبارەت بە پەرستگاکەش، باب – خامری **Bâb$^{d}$Ha-am-ri** (= دەرگای خوداوەند خامری) هەبوو کە لەلایەن (هۆمل)ەوە ئەمیان بە شاری تابریصی **Tabrişi** و میلکیا **Milkia** و بە جەژنێکی گەورەوە پەیوەست کراوە[٨].

٥-تا ئێستا تەنیا کەمێك پەیکەرو لەوح لە ئاربائیلو دەرهێنراون چونکە شارە نوێیەکە لەسەر وێرانەکە دورست کراوە. نووسراوێکی سەرقوڕی سووتێنراو[٩] هەیە کە دەبێت لە هەولێرەوە هاتبێت. بەدلَنیاییشەوە لە هەولێردا ئەو پەیکەرە بچووکە بڕۆنزییە (کە ئێستا لە پاریسدایە) دۆزراوەتەوەو کە هی کابرایەکە بەناوی شامشی – بێل (= *خوداوەند بێل خۆری منە/ وەرگێڕ*) و کە خۆی بە ئا – با (نووسەر) وەسف کردووە (بڕوانە وێنەکە). ئەمەش ئیشتاری هەولێرە لە پەرستگاکەیدا کە پیرۆزی بە ژیانی پادشای ئاشور (ئاشوردانی سێیەم) (*٧٧٢-٧٥٤پ.ز/و*) دەبەخشێت. پێشکەشکەری ئەم پەیکەرە بڕۆنزییە ناوی (شامشی بێل)ە، کاهینی (= ئا-با)ی ئاربائیلو، کوڕی نێرگال – نادین – ئاخی[١٠] ی کاهن.

---

[١] ئەویش چونکە هەولێر یەکێك لە (٢٧) شار بوو (بەکالحوو ئاشورەوە کەدوو پایتەختی دەولَەتەکەن) کە لەماوەی دوایەمینی حوکمی شەلمانەصەری سێیەمو لەژێر سەرکردایەتیی کوڕێکی پادشا یاخی بوون. کوڕێکی تری شەلمانەصەریش (واتەی: شامشی ئادادی پێنجەم) چوار سالَی پێویست بوو (٨٢٧-٨٢٤پ.ز) تا یاخی بوونەکە سەرکوت بکات بڕوانە:**ARAB, 1, 1926, S715**.

[٢] عادەتێکی پادشایانی ئاشور بوو کە هەر سالَێك ناوی فەرمانبەرێکی گەورەی لێ بنێن. لێکۆلَەرەوە ڕۆژئاواییەکانیش بەمانە دەلَێن ئیپۆنیم. ئیپۆنم ئەو کەسەیە کە بنەمالَەیەك یان شارێك بە ناوی ئەوەوە دەنرێت.

[٣] لای خۆمان بەهەلَە بە (کەیخەسرەو) ناسراوە. (ئوماکیشتار) ناونانی بابلییەکانەو (کیا کساریس) هی یۆنانییەکانە.

[٤] ساگارتییەکان: لە ئێراندا دەژیان.

٥ ئیشتاری هەولێر ناوداربوو، لەبەر ئەوەش کەخوداوەندێکی جەنگاوەر بوو پادشایانی ئاشور هانایان بۆ دەبرد.

٦ ئێگاشانکالاما: وشەیەکی ئاوێتەی سومەرییەو واتای (مالَی)یان (پەرستگای ئاغاژنی ولاَت).

[٧] خوێندنەوەی جگەر: ئاژەلَێك بە قوربانی سەردەبڕدراو پسپۆڕی تایبەت تەماشای جگەرەکەی دەکرد تا بزانێت خواستی خوداوەند چییە لەبارەی مەسەلەیەك. ئەمەش جگە لە عیراق، لە ئاسیای بچووکدا هەبووەو ڕەنگە لەوێوە بۆ (ئەتروسکان)ی ئیتالیا چووبێتو ڕۆماییەکان لەمانەوە وەریانگرتبوو.

[٨] سەرچاوەی وام لای نییە لەبارەی ئەم دوو شارەوە.

[٩] لەوحی نووسراوی قوڕ بەزۆری بەهەتاو وشك دەکرایەوە جگە لەهەندێك لەوح کە بەکوورە دەسووتێنران تا زیاتر بەرگە بگرن.

[١٠] ناوێکی ئاشورییە.

ئامازەش بۆ ئەوە کراوە کە کێشی پەیکەرەکە دەوروبەری ٢(؟) مینە[١]. ناوی پەرستگاکەی ئیشتاریش (ئێ – گاشان – کالام – ما)یە. ناوی کارە بڕۆنزییەکەش ئەمە بوو: (ئەی ئیشتار، گوێی خۆم ڕوودەکەمە تۆ). جێماوی تری هەولێریش لەلایەن (لێمان – هاوپت)ەوە باس کراون.

٦–شاری هەولێر لەسەر نەخشێکی هەڵکەندراوی ئاشوربانیپال (کە لە نەینەوادا دۆزرابووەو ئێستا لە پاریسدایە) وێنە کراوە. ڕەنگە لای چەپ نەخشەکە لکابووبێت بە نەخشە هەڵکەندراوەکەی (لەندەن) و کە تێیدا ئاشوربانیپال پێشوازی لە وەفدەکەی (روسا)ی دووەم، پادشای ئورارتو، دەکاتو کە بە هۆی نووسینێکی سەری ئەمە وتراوە. لەو نەخشەش کە هەولێر پیشان دەدات ئاشوربانیپال سەرە لێکراوەکەی (تێوممان) پادشای ئێلام بەکەوان (*بەدرەختەوە/و*)هەڵواسیوە و کە ئەم باسە بە هۆی نووسینێکی ترەوە پشت گیریی لێکراوە[٢].

[١] یەك (مینا) : نزیکی نیو کیلۆگرام. دیارە جیاوازی نێوان کێشی ڕاستەقینەی پەیکەرەکەو ئەوەی کەبەگومانەوە نووسراوە (٢) مینایە دەگەڕێتـــەوە بۆ نووسینەکەی سەر پەیکەرەکە.

[٢] بڕوانە وێنەکە. بەڵام لەو سەرچاوەیەی خوارەوە نووسراوە کەئەو نەخشەیە ئەوەکەی لەندەنە (مۆزەخانە بەریتانی) نەك پاریس: اندریە پارو، اشور، ل ٦٧. ٦٨.